**بەناوی خوای بەخشندەودلۆڤان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٦**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/١٠/١٢**

## " بـڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی پەنجاوشەش لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق، لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٤/١٠/١٢) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکـەم:**

مەرسومی کۆماریی ژمارە (٥٩٩)ی ساڵی ١٩٧٨ لەکاردەخرێت.

**دووەم:**

یاسـای خانەنـشینیو زەمانـەتی کۆمەڵایـەتیی ژمـارە (٣٩)ی هـەموارکراوی سـاڵی(١٩٧٨)ی کرێکاران، بەسەر هەموو ئەو خاوەن کارانـەدا دەسـەپێنرێ کـە سـێ کریکـار یـان لـە سـێ‌کرێکار زیاتریان هەیە.

**سـێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارەبێت، ناخرێتە بەرکار.

**چـوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتەبەرکار.

**پێنجـەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتەبەرکار.

**د.کـمال عبدالکـریـم فـؤاد**
**سـەرۆکـی ئـەنجـومـەنی نیـشـتمانیی کـوردسـتانی ـ عیـراق**